

# بۆئەوەی لە دڵی خۆمدا، گۆزەی دڵم...

**خوێندنەوەی دوو شیعر** **رزگار شێخانی**





| Gunnar Ekelöf | Karim Dashty |
|---|---|

گوللەیەکم بۆت لە قالب داوە
بۆ ئەوەی لە دڵی خۆمدا بتپێکم
گوننار ئێکێلۆف

گۆزەی دڵی من مەشکێنە
خۆت تیا ورد و خاش دەبی
کەریم دەشتی

ژیان سەختە. ئەوین سەختە. بوون و نەبوون سەختن. کێشەکان هەن و بێ‌کۆتایین. مرۆڤی ئەم سەردەمەش بەم هەموو ئەزموون و پێشکەوتنی تەکنۆلۆژیاوە، کە بۆ بەرژەوەندی خۆی بەکاریان دەهێنێ، لە مرۆڤی سەدەکانی پێشوو تەنیاترە. تەنیایە لە ناو سرووشت، تەنیایە لە کۆمەڵگە، بێ باوەڕی ئاینییە، ئایدیۆلۆژیاکانیش هەرەسیان هێناوە و بێ هاوبیر ، بێ خزم و بێ هاودەمە، هەندێجاریش لە دابونەریتی کۆمەڵایەتیش دوور دەکەوێتەوە. بۆیە ئەوین و کێشەکانی، گیروگرفتی گەورەی سەردەممانە و شوێنێکی زۆریان لە ئەدەب و هونەردا پاوان کردووە.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

لە هەموو شاکارە گەورەکانی بۆمان ماونەتەوە، ئەوین و کێشەکانی ئەوین کرۆکن. لێ لە سێبەریاندا باسی مێژوو، کۆمەڵگە و کێشە سیاسییەکانی کۆمەڵگە کراون.

ئەدەب و هونەری ئایدیۆلۆژی، بەرەنگاری و ...، مرۆڤ رزگار ناکەن، بەڵکو لە کێشەیەکەوە پەلکێشی ناو کێشەیەکی دی دەکەن. پێڵووەکانت لێکبنێ و چەند ساتێک بیر لە شیعرە کوردییە زۆر بیستراوەکانی سی ساڵی رابردوو بکەوە. رووباری خوێن دەبینی، گوێت لە دەنگی بۆمبا دەبێ و بۆنی بارووت هەناسەسوارت دەکا. کە چاو هەڵدێنی، مێژووی حیزبێک، یان ئایدۆلۆژیایەکت بەبیردێتەوە، کە لە شەڕێکەوە، دەتبا بۆ شەڕێکی دی. ئەم شیعرانەن، یارمەتی مرۆڤ نادەن تا جوانییەکانی بوون ببینێ. کە نووسەرێک دێت و هەموو تواناکانی خۆی بەکاردەهێنێ، بۆ ئەوەی مێژووی حیزبێک بخزێنێتە ناو مێژووی ئەدەبەوە و بەمەش ئەبەدییەتی فیرعەونی بدا بە حیزبەکە و کەسانی ناوی، ئەوا ئەزموونی زیانبەخشی نووسەرە دەربارەکانی سەردەمی ستالین دووبارە دەکاتەوە.

سەرگەردانیی مرۆڤ بۆ گەیشتن بە ئەوینی خوایی، فەنابوونی بەدواوەیە. یان لە فەنابووندا، دەگەیتە ئەوین. لەم فەنابوون و ئەم ئەوینەدا، مرۆڤ هەست بە بوونی فیزیکی خۆی ناکا و لە شتێکی گەورە و بەخشندەدا دەتوێتەوە. ئەم پلەیەی ئەوین، کە دڵ دەبێتە هی کەسێکی بەخشندە، یان بەخشندەیەک لە دڵتدا دەژی، هیوا و خواستی سۆفی هەموو ئاینەکانە.

هەندێجار ئەمە رێککەوت نییە، کە دوو شاعیری زێد دوور لە یەکدی، شیعرێک، یان چەند شیعرێکی لە رووی کرۆک و دەربڕینەوە وەک یەکدیان هەبێ، بەڵکو ئەو حاڵەتە کورت و ناسکانەی نووسین و ئەزموونی دوو شاعیرەکەیە، دەبنە هۆکاری ئەوەی کە دید و دەربڕینی شیعرییان وەکو یەکدی بن. لەم شیعرەی کەریم دەشتی و گوننار ئێکێلۆفــدا، کە هەردوو شاعیر شوێنی جوگرافییان لە یەکدی زۆر دوورە، لێ بە تەواوی لە هەمان پلەی ئەوین و فەنابوون لە ئەوین دان، کە دوا پلەی ئەوین و خواستی سۆفی هەموو ئاینەکانە. لە دید و دنیابینینی وا دایە، کە هێڵی سنووری جوگرافی بوونی نییە و زەوی وەک هەر ئەستێرەیەکی دی دەبیندرێ. لێ ئەستێرەیەک کە ژیانی تێدایە، کە بەشێکی زیندەوەرەکانی بە ناوی ئایدیۆلۆژیا و ئاین، چین و هاورەگەزییەوە لەگەڵ یەکدی لە ململانێیەکی سەخت دان. لە راستیدا هەموو کێشەکانیش لەسەر دەسەڵات و مانەوەیە. شاعیری دنیادیدی وا ئەم کێشانەی نییە. ئەو رۆحی سەرگەردانی ئەوینێکە کە تێیدا ئەو کێشانە بوونیان نییە.

دەزانین کە گوننار ئێکێلۆف هەر لە سەرەتای ساڵانی بیستەوە، ئەودەمەی کە خوێندکاری ئامادەیی بوو، سەرگەردانی ئیبن ئەلعارەبی و شاعیرانی سۆفیی رۆژهەڵاتیناوین و هیندستان، ئەفسانەی گریکییە کۆنەکان و خوێندنەوەی مێژووی ئەنتیک و نووسەرانی بوو. بەشی زۆری پەخشان و شیعرەکانیشی، گەڕانەوەیە بۆ ئەم مێژووە زۆر کۆنانە.

کەریم دەشتی لەبارەی شیعری " مەرگی بخور" نووسیویەتی: ... زادەی چرکەساتێکی زۆر کورتە، ئەڤین و هەوەسێکی تەژی کەفوکوڵی تەسەووفە، بە جۆرێ هەڵڕژاوە کە هەرگیز ناتوانم باس لە چۆنیەتی داگیرسانەوەیان بکەم، هێندە سادە لە رۆحم ترازاون کە خۆشم نازانم بۆ ئەوەندە ئەودالیانم.

گوننار ئێکێلۆفــیش لەبارەی ئەم شیعرەوە نووسیویەتی: پەیامێکم بۆ هاتووە، کە توانیومە بە نیوە چڵی بیگەیەنم....، هەموو ژیانم دەگۆڕێت، گەورەترین سرووشم بۆ هاتووە، ناتوانم بشخۆمەوە- وەکو ژەهرێکە لە ناخدا...جۆرە پەیامێکم بۆ هاتووە و دەبێ هەوڵبدەم وەڵامی بدەمەوە.

ئەم شیعرەی کەریم دەشتی وەک بێژینگی بەرئاوە، لە فەزای ئەم شیعرەدا، دەکرێ رووبارێک نووسین بەناویدا بڕوا. ئەگەر رەخنەگر و باسنووسی کورد ئاوڕیان لەم شیعرە نەدابێتەوە، ئەوا بازیان بەسەر شیعرێکی گەورەی ئەدەبەکەیان داوە و ئەگەر جوانپەرستن و دەیانەوێ شیعری جوانی ئەدەبەکەیان بدەنە بەر تیشکی ئەوین، دەبێ بگەڕێنەوە دواوە.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com